بە(١٠,٠٠٠) ساڵی پێش زایین دانراوە[٨] کۆنترین مرۆڤی شانەدەر کە لە خوارووترینی چینەکانی ئەم ئەشکەوتەدا دۆزراوەتەوە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ زێتر لە (٦٠٠,٠٠٠) ساڵ پێش ئێستێ.

ئەشکەوتی شانەدەر تاکە ئەشکەوتە لە خۆرهەڵاتی نزیکدا کە کۆنترین مرۆڤی نێندەرتاڵی تێدا دۆزرابێتەوە[٩]. هەرچەندە لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی چیای (کەرمل)ی فەلەستین. ئێسکی ئەم مرۆڤی نیاندەرتاڵە دۆزراوەتەوە، بەڵام ئێسکی ئەم مرۆڤە لە هی شانەدەر پێشکەوتووترە و ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤی شانەدەر سەرچاوە و باوکی مرۆڤی کەرمڵ بووبێت و لە چیاکانی زاگرۆسی کوردستانەوە کۆچیان بۆ فەلەستین کردبێت.

پاش ژیانی ئەشکەوت و پەناکێوەکان، مرۆڤی کۆن بەرەبەرە و بەکۆمەڵ لە پێدەشتی ئەشکەوتەکاندا نیشتەجێ بوون و لە نزیک رووبارەکانەوە فێری راوەماسی بوون و هەروەها بەرەبەرە ئاژەڵیان ماڵی کردووە، یەکەم ئاژەڵ کە مرۆڤ ماڵیی کردبێت سەگ بووە، هەربۆیە کە ئێسکی سەگ بەزۆری لە شوێنەوارەکاندا دەدۆزرێتەوە.



4 درێژەبڕگەی چینەکانی ئەشکەوتی شانەدەر







5 چەند ئامێرێکی بەردینی مرۆڤی شانەدەر



6 ئێسکی مرۆڤی شانەدەر

مرۆڤی کۆن لە چاخی بەردینی نوێدا هەوڵی نیشتەجێ بوونی داوە. بۆ نموونە لە ناوچەکانی (کەریم شار و زاوی چەمی)دا[١٠] لە پێش (10,000) ساڵ لەمەوبەرەوە بەیەکەمین قۆناغی نیشتەجێ بوونی کاتی دادەنرێن، کە لە هاویندا تێیدا ژیاون و لە زستاندا لەبەر بەفر و باران و سەرما بەرەو ئەشکەوتەکان گەڕاونەتەوە[١١]. بەڵام گوندی (چەرموو) کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ زێتر لە (٦,٧٠٠) ساڵ پ.ز دەتوانین بەگوندێکی




7 هەندێک کەرەستەی کۆنی ئەشکەوتی شانەدەر و بەردە بەڵەک

هەمیشەیی دابنێین کە لە بیست و پێنج خانوو پێک هاتووە و هەر خانوویەکیان لە چەند ژوورێکی بچووک دروست کراون، هەروەها لەم گوندەدا بزن و سەگ ماڵی کراون و خەڵکی ئەم گوندە بێجگە لە پەروەردەکردنی ئاژەڵ و راوکردن، کشتوکاڵیشیان زانیوە و دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ و هەروەها پاقلەی بەخەڵووزبووی تێدا دۆزراوەتەوە، جگە لە دۆزینەوەی دەسکەوان بۆ کوتانی دانەوێڵە و بەئاردکردنی، تاوەکو بکرێت بەنان(١٢). گوندی چەرموو بەکۆنترین گوند دادەنرێت کە مرۆڤی کۆنی تێدا







8 هەندێک کەرەستەی کۆنی گوندی چەرمو

نیشتەجێ بووبێت و کشتوکاڵی تێدا کرابێت، لە گوندی چەرموودا پیشەسازیی دەفر و ئامانی گڵێن زێتر پێشکەوتووە، کەلوپەلی کشتوکاڵ و راوکردنیشیان پەرەپێداوە. جگە لە دروستکردنی خوداوەندی دایک کە بریتین لە چەند پەیکەرێکی بچووکی ئافرەت کە بۆ مەبەستی ئایینی بەکارهێنراون.

ئەو گاسنانەی کە تا ئەم دواییانەش جووتیارانی کورد زەویی پەنا چیاکانی پێ دەکێڵن، سەرەتای دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ گوندی